پەرلەمانتارێکی عێراقی یادی ئەنفالی گەلی کورد و هەڕەشەکانی پارتی بۆ هەولێر دەکاتەوە

یوسف کیلابی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە یادی ڕۆژی ئەنفال لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس نوسیویەتی، "لە کاتێکدا یادی تاوانی ئەنفال دەکەینەوە دژی گەلی کورد کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران منداڵ و ژن و زۆرێك لە خێزانەکان، لە هەمان کاتدا لەبیرمانە کە مەسعود بارزانی دەستی بە هەمان ستەمکار درێژ کرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە کوشتنی برا کوردەکانی، تەنها بۆ ئەوەی لە حوکمڕانییەکەی لە کوردستان بەردەوام بێت"، ئەمەش بە ئاماژەدان لە هەڕەشەکانی سوپای ڕژێمی پێشووی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر شاری هەولێر، کە ئەم ڕۆژە ناسراوە بە (ڕووداوەکانی 31 ئاب) کە لە ساڵی 1996 ئەنجامدراو بەوهۆیەوە دەیان پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی و دەیان هاوڵاتی سفیلی شاری هەولێر گیانیان لەدەستدا.